زانكۆی سەلاحەددین- هەولێر

Salahaddin University-Erbil

# پرۆژەی دەرچوونە

**ئالۆدەبوون تۆرەکۆمەلاتییەکان پەیوەندی بە گۆشەگیری کۆمەلاتی لای قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین**

## پێشکەشە بەبەشی زانستی گشتی وەک بەشێک لەپێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەزانستەگشتییەکان


ئامادەکراوە لە لایەن:

سمیەعبدالرحمن یوسف

محمد عثمان

بەسەرپەرشتی:

د.هاوژین محمود عزیز


نیسان-٢٠٢٣

**پێشکەشکردن:**

**ئەم** توێژینەوەیە پێشکەشە بەقوتابیانی بەشی زانستی گشتی. وە توێژەرانی دوای ئێمە بۆ ئەوەی سودی لێ وەرگرن و ئەو  زانیاری دەیانەوێت تێدا بەدەستی بهێنن.

**سوپاس و پێزانین :**

ڕێز و سوپاسی خۆمان ئاراستەی دکتۆرە( هاوژین محمود عزیز) دەکەین بە هۆیی ئەو  ماندووبوون و دلسۆزیای لە یارمەتی دانی ئێمە و بەرپرسیارەتەی لە ئەستۆ گرت بۆ ئەنجامدانی ئەم تویژینەوە و تەواو کردنی بە شێوەیەکی سەرکەتوو .

## پوختەی توێژینەوە:

**ئامانجی ئەم توێژینەوە بریتییە لە** زانینی ئاستی ئاڵوودەبون بە تۆرەکۆمەڵاتییەکان لای قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین و زانینی ئاستی گۆشەگیری کۆمەڵاتییەکان لای قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین. وە زانینی پەیوەندی نێوان ئاڵودەبوون و گۆشەگیری کۆمەلاتی لای قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین هەروەها زانینی جیاوازی لە نێوان کوڕ و کچ لە ئاستی ئاڵودەبوون بە تۆرەکۆمەڵاتییەکان و گۆشەگیری کۆمەلایەتی. بۆ ئەم مەبەستەش توێژەران دوو پێوەریان بەکارهێناوە یەکەمیان پێوەری (ئاڵودەبوونی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان) ک لەلایەن(محمد،٢٠١٧) دانراوە و بریتیە لە (١٨) بڕگە و دووەمیان بریتییە لەپێوەری (گۆشەگیری کۆمەڵایەتی) کەلەلایەن (خەلیفە،٢٠١٩) دانراوە ژمارەی بڕگەکانیشی بریتین لە (٢٠) بڕگە. نموونەی ئەم توەژینەوە بەڕێگای هەڕەمەکی سادە هەڵبژێردراون کەبریتین لە (٨٠) قوتابی (٤٣ )قوتابی لە ڕەگەزی نێر (٣٧) لە ڕەگەزی مێ.

ئەنجامی شیکردنەوەی داتاکان ئەوە دەردەخەن کەئاڵودەبوونی قوتابیانی زانکۆی سەلاحەددین بە تۆڕەکۆمەلایەتیەکان و گۆشەگیری کۆمەلایەتی لە ئاستێکی نزمدایە، هەروەها ئەنجامی شیکارییەکان دەریان خستووە کەجیاوازی بەهاداری ئاماری هەیە لە نێوان کۆڕو کچدا لە ئاستی ئاڵودەبوونیان بە تۆڕەکۆمەلایەتییەکان و گۆشەگیری کۆمەلایەتی لایان. وە هەروەها ئەنجامەکان دەریانخستوە کە پەیوەندی هەیە لە نێوان ئالودەبوونی تۆڕەکۆمەڵئیەتییەکان و گۆشەگیری کۆمەڵایەتیدا بەڵام ئەم پەیوەندییە بەڵگەداری واتادار نییە.

لیستی خشتەکان

| ژمارەی خشتە | ناوی خشتە | ژمارەی لاپەرە |
|---|---|---|
| ١ | | |
| ٢ | | |
| ٣ | | |

| | | |
|---|---|---|
| ٤ | | |

## ليستى ناوەڕۆک


| بابەتەکان | لاپەڕە |
|---|---|
| پێسکەشکردن | ١ |
| سوپاس و پێزانين | ٢ |
| پوختەی توێژینەوە | ٣ |
| لسيتى خشتەکان | ٣ |
| ليستى ناوەڕۆک | |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |
| | |

## بەشی یەکەم:

کێشەی توێژینەوە

گرنگی توێژینەوە

ئامانجەکانی توێژینەوە

سنووری توێژینەوە

دیاریکردنی چەمکەکان

## کێشەی توێژینەوە:

لەزانستی دەروونزانیدا ئەوە یەکلا کراوەتەوە کە ئاڵوودەبوون بەهەرشتێک کێشەیەکی گەورەیەو کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر کەسایەتی تاک و بەشێوەیەکی گشتی کاردەکاتە سەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانتی و تێکەڵاوبوونی لەگەڵ دەوروبەری. وە لە ئێستادا ئاڵوودەبوون بە تۆڕەکۆمەڵاتییەکان بۆتە هۆی دروست بونی کێشەی زۆر وەک کێشەی کۆمەڵایەتی و جیابونەوەوە چەندەها کێشەی تر، هەربۆیە ئاڵوودەبوون بەتۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەنەخۆشی دادەنرێت. وە لەئێستادا ئەم نەخۆشییە زۆر بەربڵاوە لەژیانی ڕۆژانەماندا. ئەم ئاڵودەبوونە بە تۆڕەکۆمەڵایتیەکان لای گەنج بە گشتی و قوتابی زانکۆ بە تایبەتی دەکرێت چەندەها کێشەو گرفت بەدوای خۆیدا بهێنێت وەک خەمۆکی و دوودڵی و گۆشەگیری و خۆدوورخستنەوە لە گۆڕانکاری لەهەڵسوکەوت جونکە زۆربەی کاتەکان هەر بەتەنیا بەسەردەبات و تێکەڵی گۆمەلگا نابێت. وە جگە لە کێشەی کۆمەڵایەتی ئاڵوودەبوون دەبێتە هۆی کێشەی تەندروستیش وەک تێکچوونی خەو و خۆراک و لاوازبوونی توانای جەستەیی و سەرئێشەی بەردەوام و لاوازبوونی چاوەکان و زیادبوونی کێش و چەندەها کێشەی تەندروستی تر.

## گرنگی توێژینەوە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا دەردەکەوێت کە لە ئێستادا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆتە بەشێکی گرنگ لە ژیانی رۆژانەی هەر تاکێک بە تایبەت لای گەنجان، ئەمەش وایکردووە گۆڕانکارییەکی زۆر لە پەیوەدیکردندا

ڕووبدات، لەسەر ئاستی جیهانو لەناو کۆمەڵگادا  ئالودەبوون و گۆشە گیری کۆمەڵایەتی ڕوو لە زیاد بوونە و کاریگەری دەروونی دادەنێت لەسەر تاک. ( قوید / ٢٠١٢ /ص٤٥) ئەو کاریگەرییە نەرێنییانەی کە ئالوودەبوون بە تۆرە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر کۆمەڵگا دروستیدەکات لە خواردنی مادە هۆش بەرەکانو دەرزی لیدان خراپترە .(عزب /٢٠٠١ / ص ٤٥) چونکە زیاد بەکار هێنانی تۆرە کۆمەڵایەتیەکان وادەکات کە دوور بکەویتەوە لەهاوڕیکانی و خێزان و کۆمەڵگا. (الرواجفه. / ٢٠٠٤/ ص٦٤) لێرەوە گرنگی ئەم توێژینەوەیە دەردەکەوێت  کە ئەم کاریگاریانە زۆر ترسناکن بۆسەر شیرازەی خێزان و لەناوبردنی بەها ئەخلاقیەکانی کۆمەڵگا بە تایبەت کۆمەڵگای کوردی کە بەکۆمەڵگایەکی موحافزکار دادەنرێت، وە لێکۆڵینەوەکانی ئەم بوارە جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە  کە لەسەدا نەوەتی ٪٩٠ ئەوانەی ئالودەی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بەکاردەهێنن تەنها بۆیاریکردنوو کات بەفیڕۆ دانە بەشێکی زۆریان گەنجانو هەرزەکارانە چونکە زیاتر کاتیان هەیە.(هە ڤاڵ  خلیل،٢٠٢٢ ،ص٣)، بۆیە گرنگی ئەم جۆرە تۆژینەوانە لەوەدا دەردەکەوێت کە ئەو لایەنە نەرێنیانە زەقبکرێنەوە و بەرنامەی تایبەت لە لایەن دام و دەزگا پەروەردەییەکان دابنرێت و چارەسەری گونجاو بۆ ئەم دیاردەیە ببینرێتەوە.

## دیاریکردنی چەمکەکان :

**یەکەم ئالودەبوون:** ئەوەیە کە هەرکەسێک خوو بەهەرشتێک  بگرێت بەرێژەیەکی زۆر و نەتوانێت وازی لێ بهێنێ مانای ئالوودەبونە. یا ئالوودەبون جۆریان زۆرەلە وانەئالوودەبون بەمادده هۆشبەرەکان، جگەرە، کحول، یاری (قوومار، یاری کۆمپیوتر)هەروەها لەسەردەمی ئێستاماندا ئالوودەبونی ئێنترنێتیشمان هەیە واتە بەکارهێنانی ئینترنێت بەرێژەیەکی زۆر و ماوەی درێژ.(ئەکرەم، ٢٠کانونی دووەم ،٢٠١١، ١٠:٥١)

## دووەم: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:

**پێناسەی(رازی:** 2003) پێناسەی دەکات وەک سیستەمێک لە تۆرە ئەلیکترۆنیەکان کە ڕێگە بە بەشداربوو دەدات ماڵپەڕی تایبەتی خۆی دروست بکات و دواتر لە ڕێگەی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی ئەلیکترۆنیەوە بیبەستێتەوە لەگەڵ ئەندامانی دیکە کە هەمان ئارەزوو و خولیایان هەیە، یان لەگەڵ هاورێکانی کۆی بکاتەوە (رازی، ٢٠٠٣، ل ٢٣).لە( مەحمود.٢٠٢١. ١٤٠)

**پێناسەی المنصور** (2012) بەتۆرێکی کۆمەڵایەتی لە نێوان کۆمەڵێک ناسیاو و هاورێدا پێناسەی دەکات، ئەمەش وایان لێدەکات بە شێوەیەکی بێنراو پەیوەندی بکەن و وێنە و پەیام و زانیاری ئالوگۆڕ بکەن، لەوانە فەیسبووک و تویتەر،( المنصور ، 2012 : ص 20 )  .لە( مەحمود.٢٠٢١. ١٤٠)

## سێیەم: ئالوودەبوونی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان:

**پێناسەی محمد عبدالمطلب** (2003): بریتییە لە خراپ بەکارهێنانی ماڵپەڕەکان، کە کۆمەڵێک وەلامی بەکارهێنەرانی ماڵپەڕەکانە کە کۆنترۆڵی دەروون و ڕەفتارەکانی تاک دەکات کە بە ململانێ لەگەڵ خۆیان و لەگەڵ ئەوانی دیکەی دەوروبەریان کۆتایی دێت، (محمد عبدالمطالب، ٢٠٠٣: ل٣٥٥)

**پێناسەی کۆمەڵەی دەروونی ئەمریکی** (APA): تێکچوونێکە پێداویستییەکی دەروونی زۆرەملی دەردەخات لەئەنجامی تێرنەبوونی لە بەکرهێنانی ئەنتەرنێت، تووشبوو بەم شڵەژانە کۆمەڵێک نیشانەی لێدەردەکەوێت.

(احمد، ٢٠٢١، لا١٤١).

## چوارەم: گۆشەگیری کۆمەڵایەتی:

پێناسەی (جلبی، ٢٠١٢) : بریتییە لە نەگونجانی تاک لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی جا چ لە چوارچێوەی خێزان بێت یان لە دەرەوەی خێزان، بەشێوەیەک کە هەستی ئینتیمای بۆ کۆمەڵەکەی لەدەستدەدات و وە هەستکردنی بە نامۆبوون زیاددەکات کە دەبێتە هۆی خۆکێسانەوەی لە تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی. (ابو خیران،٢٠١٧،لا١٧).

**سنوری توێژینەوە** :سنووری ئەم توێژینەوەیە قوتابیانی زانکۆی سەلاحەددین دەگرێتەوە بۆساڵی خوێندنی (2022 – 2023 ) .

## ئامانجەکان :

١. زانینی ئاستی ئالودەبون بە تۆڕەکۆمەڵاتییەکان لای قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین.

٢. زانینی ئاستی گۆشەگیری کۆمەڵاتییەکان لای قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین.

٣. زانینی پەیوەندی نێوان ئالودەبوون و گۆشەگیری کۆمەلاتی لای قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین.

٤- زانینی جیاوازی لە نێوان کوڕ و کچ لە ئاستی ئالودەبوون بە تۆڕەکۆمەلاتییەکان و گۆشەگیری کۆمەلایەتی.

# بەشی دووەم

## لایەنی تیۆری و توێژنیەوەکانی پێشووتر

### میحوەری یەکەم: ئاڵودەبوون بە تۆڕەکۆمەلآیەتیەکان:

### یەکەم: -ئاڵوودەبوون بەئینتەرنێت:

ئینتەرنێت بووەتە ئامرازێکی حەتمی بەهۆی ئەو زانیاری و خزمەتگوزارییانەی کە پێشکەشی بوەتە شێوەی یەکێک لە گرەوە کولتوورییەکان ،چونکە ئەم تەکنەلۆژیا نوێیە لەگەڵ نەخش و ڕەفتارەکاندا هەڵدەگرێت کە جیاوازن لە کێبڕکێ و ڕەفتار و بەهاکانی کۆمەڵگا عەرەبی و ئیسلامییەکان.

(Arnaut, 2007) ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو ڕەفتارەی تاک ئەنجامی دەدات ڕەفتارێکی ئاساییە ئەگەر لە سنووری ستاندارده کولتووری و کۆمەلآیەتییە دانپێدانراوەکاندا بێت. وە ئەگەر هاوتەریب بێت لەگەڵ گەشەکردنی جەستەیی و دەروونیی، بەلآم ئەگەر لەم پێوەرانە تێپەری کرد و تا ڕادەیەکی زۆر دووبارەبووەوە، ئەوا ئێمە ئەم ڕەفتار یان هەڵسوکەوتانە وەک نائاسایی حوکم دەدەین. بەم شێوەیە خواست لەسەر ئینتەرنێت بووەتە ڕەفتارێکی نارێک و نامۆ و و نائاسایی، یان پەیوەندی بە ئالوودەبوون بە ئینتەرنێتەوە هەیە (کامیل، ٢٧٤، ٢٠١٦).لە(داود.٢٠١٩. ٤ ٢٩)(حەمید.٢٠١٩. ص٢٩٤)

### دووەم: ئالوودەبوون بە تۆڕەکۆمەلآیەتییەکان::

چەمکی ئالوودەبوون بە تۆڕە کۆمەلآیەتییەکان چەمکێکی تاڕادەیەک نوێیە لە پێوەندی لەگەڵ پرس و کێشە کۆمەلآیەتییەکان و ئەم چەمکەش پەیوەندی بە مامەڵەکردن لەگەڵ واقیعی پەیوەندی کۆمەلآیەتییەوە هەیە و زانایان و توێژەران لەسەر پێناسەی زاراوەی ئالوودەبوون بە ئینتەرنێت جیاواز بوون.دەستەواژەی ئالوودەبوونی تۆڕە کۆمەلآیەتییەکان پەیوەستکراوە ، چونکە ئامرازێکە بۆ دەربازبوون لە جیهانی واقیع و کێشەکانی، هەروەک چۆن تووشی زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی پێگەی تۆڕە کۆمەلآیەتییەکان دەبن وەک یەکێک لە جۆرەکانی ئارەزووی بەرگە نەگیراو، (هبە اللە بەهجەت، ٢٠٠٣: ل٢٥٨)

### -پاڵنەرەکانی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەلآیەتییەکان:

زۆر لێکۆڵینەوە لەسەر بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەلآیەتییەکان ئەنجام دراوە، لەوانە فەیسبووک بۆ ئەوەی پاڵنەری سەرەکی دەستنیشان بکرێت، Join Son 2008 بۆی دەردەکەوێت کە پاڵنەری جیاواز هەیە بۆ بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەلآیەتی :لە( مەحموود.٢٠٢١. ١٤٢)

1- گەڕان و هاوبەشکردنی وێنەکان.
2- بەکارهێنانی هەندێک ناوەڕۆک (یاری، مەتەڵ)

3- دەربڕینی خولیا هاوبەشەکان

4- بەکارهێنانی تۆرەکۆمەڵایەتیەکان بۆ کات بەسەربردن و پشوودان

**دەرکەوت کە پاڵنەرەکان زۆرن کە دەبنە هۆی بەشداریکردن لەم سایتانەدا، بەتایبەتی لەنێو خوێندکاراندالە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە گرنگترینیان بریتین لە:**

1- بەردەوام مانەوە لە پەیوەندیدا لەگەڵ هاوڕێیان

2-سەیری وێنەکان بکەن و کۆمێنتیان بۆ بکەن.

3-بوونی کاتی فەراغ کەوایان لێدەکات کە پەنا بۆ یاری و ئەپلیکەیشن بەرن .

4-ناردن و وەرگرتنی نامە.

5-کۆمێنت بۆ وێنە و ڤیدیۆ.

## نیشانەکانی ئالوودەبوون بە تۆرە کۆمەڵایەتیەکان

شارەزایان لە ڕێگەی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە چاودێری نیشانەکانی ئالوودەبوونیان کردووە بەم شێوەیە کورت دەکرێنەوە:

1- لەدەستدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دابڕان لە کۆمەڵگا، واتە ئەم سایتانە ڕێگرییان لێدەکەن کە مرۆڤی ڕاستەقینە بەجێبهێڵن و پێیان باشە کاتێکی زیاتر لەو سایتانە بەسەر بەرن.

2- لەدەستدانی توانای خەوتن و تێپەڕاندنی کاتی دیاریکراو،

3- ماندوێتی جەستەیی و دەروونی لەسەر هەرزەکاران و گەنجانی پێگەیشتوو.

4- دابەزینی ئاستی خوێندنی ئەکادیمی

5- لەدەستدانی ئارەزووی خولیاکان. (مەحمود.٢٠٢١. ١٤٢)

## هۆکارەکانی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی خوێندکارانی زانکۆ:

گرنگترین هۆکارەکان بریتین لە ئاڵوگۆڕی زانیاری و زانیاری، سود وەرگرتن لە ئەزموونی کەسانی تر، فێربوون دەربارەی بیرۆکەکانیان، دەربڕینی بیروڕا بە ئازادی، زانینی ئەوەی لە جیهاندا ڕوودەدات، سات بە سات، پەیوەندیکردن لەگەڵ هاوڕێیان، ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەگەڵیان، و دامەزراندنی پەیوەندی و چالاکیی هاوبەش لەگەڵ تاکەکان.(اسماعیل ، 2020 ، ص58 ) جگە لە کات بەسەربردن، پشتیوانی یەکتر لەگەڵ کەسانی تر، خۆپەروەردەکردن، فێربوونی ڕەفتارەکان و بەکارهێنانیان وەک جێگرەوەیەک بۆ پەیوەندی کەسی. لە( محمد عبدالصمد.٢٠٢٠. ٦٦٨)

## چارەسەری ئالوودەبوون بە ئینتەرنێت و ئالوودەبوون بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:

لە گرنگترین چارەسەرە پێشنیار کراوەکان بۆ چارەسەرکردنی دیاردەی ئالوودەبوون بە ئینتەرنێت، کە توێژەرەکە پێی وایە تۆڕە کۆمەلایەتییەکان بەشێکی دانەبڕاون لەئینتەرنێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:لەپێچەوانەکەی بکە: ئەگەر نەخۆشەکە راهاتووبوو بە درێژایی هەفتە ئینتەرنێت بەکاربهێنێت ، داوایان لێبکە چاوەڕێی بەکارهێنانی ئینتەرنێت بکات لەکۆتایی پشووی هەفتەدا .

1- دۆزینەوەی بەربەستە دەرەکییەکان: داوا لە نەخۆش دەکرێت کە زەنگی ئاگادارکردنەوە دابنێت پێش ئەوەی بچێتە ناو ئینتەرنێتەوە و کاتەکەی دادەنێت بۆ ئەوەی تێکەڵی ئینتەرنێت نەبێ .

2- دووبارە دابەشکردنەوەی کات: داوا لە نەخۆش دەکرێت بیر لەو چالاکییانە بکاتەوە کە پێش ئالوودەبوونی بە ئینتەرنێت ئەنجامی دەدا، بۆ ئەوەی بزانێت بەهۆی ئالوودەبوونی بەم سایتانە چی لەدەست داوە، هەروەها داوا لە نەخۆشەکە دەکرێت کە دووبارە ئەو چالاکییانە پراکتیزە بکاتەوە.

3- یەکەمایەتیدان (ئەوەلیات دان) بەکاروباری ڕۆژانە: هەوڵدان بۆ پابەندبوون بەو کاتەی کە لەبەردەستدایە بۆ ئەنجامدانی کاروبار، دوای ئەوە دەتوانرێت ئەم سایتانە بەکاربهێنرێت.

4- بەرەنگاری بیرۆکەی گەڕان بە سۆشیال میدیاوە بە ئیرادە و ئەنجامدانی هەندێک کار و چالاکیی جۆراوجۆرەکان، وەک پراکتیزەکردنی وەرزشی خوێندنەوەی قورئان و پەرەپێدانی خولیاکانی وەک وێنەکێشان و خوێندنەوە و متالعەکردن .

5- ئامادەکردنی کارتی بیرخستنەوە: هەروەها داوا لە نەخۆش دەکەین کارت ئامادە بکات و گرنگترین سوودەکانی ئیستدلالکردن و وازهێنان لە ئالوودەبوون بنووسێت، هەروەها گرنگترین زیانەکانی بەکارهێنانی ئەم ماڵپەڕانە.

6- دیاریکردنی کاتی بەکارهێنان: داوا لە نەخۆش دەکرێت کاتژمێرەکانی بەکارهێنانی کەم بکاتەوە و ڕێکی بخات، بەجۆرێک ئەگەر بۆ نموونە هەفتەیەک بۆ ماوەی ٤٠ کاتژمێر دەستی بە سایتەکانی پەیوەندیکردن بگات، داوا لە نەخۆشەکە دەکرێت بۆ ٢٠ کاتژمێری هەفتانە کەم بکاتەوە. (مەحمود.٢٠٢١. ١٤٣)

## -بەناوبانگترین سۆشیال میدیا کە گەنجانی زانکۆ بەکاریدەهێنن:

**١- سناپ چات** : بەرنامەیەکی نامە ناردنە بۆ هاوبەشکردن و هاوبەشکردنی ساتەکان، بەو پێیەی ڕێگە بە بەکارهێنەر دەدات وێنەیەک یان ڤیدیۆیەک بگرێت، کۆمێنتێک زیاد بکات، یان هەر شتێکی تر کە بیەوێت، و بینێرێت بۆ هاوڕێیەکی.وە ڤیدیۆ تایبەتەکان زیاتر سەرگەرمکەرن ( شرتیح ، ٢٠١٧، ص ٤٦٣)

**٢-واتسئەپ**: بەرنامەیەکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و گفتوگۆکردن و گفتوگۆی خێرایە لە ڕێگەی مۆبایلەوە، پەیوەستە بە ژمارەی تەلەفۆنی کەسییەوە، جێگەی نامەی کورتەنامە دەگرێتەوە، هەروەها پشتگیری لە ناردنی نامەی کورت و دەنگی و وێنە و ڤیدیۆ کلیپ دەکات، (القمیزی ٢٠١٧، ٢٠١٧. ص 436 )

**٣-یوتیوب**: یەکێکە لە سایتە کۆمەڵایەتییە بەناوبانگەکان، وە سایتێکە بۆ ڤیدیۆ کلیپەکان، وە لقێکی گووگڵە، کە ڕێگە بە ئەگەری دابەزاندنی بۆی یان لێیەوە ژمارەیەکی زۆر ڤیدیۆ کلیپ دەدات، هەروەها ڕێگە دەدات و پشتگیری لە چالاکیی دابەزاندن و هاوبەشکردنی فیلمەکان دەکات بە خۆڕایی (الدلیمی، ٢٠١٩، ١٨٩).

**٤-تویتەر**: یەکێکە لە گرنگترین و بەناوبانگترین سایتەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان چونکە بڵاوبوونەوەی بەرفراوان لە کورتە نامە و لینک و فایلەکان دابین دەکات کە دەتوانرێت لە نێوان بەشداربووانیدا ئاڵوگۆڕ بکرێت.چاکە تەنها کاتێکی کەمی دەوێت تا بگاتە زۆرترین ژمارەی بەشداربووان، لەگەڵ ئەگەری کارلێککردن لەگەڵ هەواڵەکان بە وەڵامدانەوە و کۆمێنتکردن و چاتی گشتی و تایبەت (وداعه الله ٢٠٢٠، ص ٤٠)

**٥-ئینستاگرام**: شێوازێکی پەیوەندی و پەیوەندییە کە بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە کورتە وێنە و ڤیدیۆ دەبەستێت و ڕێگە بە نوێکردنەوەیان دەدات بە شێوەیەکی ئاسان و سادە، هەروەها ڕێگە بە بەکارهێنەران دەدات وێنە و ڤیدیۆ دەربارەی ژیانی تایبەتی خۆیان بڵاوبکەنەوە و ئاڵوگۆڕیان بکەن بە پشتبەستن بە (زنجیرەی فلتەر) دەستکاریکردن و دەستکاریکردنی وێنە و ڤیدیۆی پەروەردەیی، (الدلیمی، ٢٠١٩، ص 2020 )

**٦-فەیسبووک**: بە یەکێک لە یەکەم و گەورەترین تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی جیهان دادەنرێت و کار بۆ پێکهێنانی هاوڕێیەتی دەکات و یارمەتیان دەدات لە ئاڵوگۆڕی زانیاری و فایل و وێنەی کەسی و ڤیدیۆ کلیپ و کۆمێنتیان لەسەر و توانای چات یان چاتی خێرا، و ئاسانکارییان بۆ دەکات ئەگەری دروستکردنی پەیوەندی لە ماوەیەکی کورتدا هەروەها ئەگەری ناسینی هاوڕێی کۆن و نوێ و ئاڵوگۆڕی زانیاری و هەواڵ و پێشهاتەکانی تر لەگەڵیان (القمیزی ، ٢٠١٧،ص٣٧٦).لە( محمد عبدالصمد.٢٠٢٠. ٦٦٧)

٧-**تیلینۆم**: ئەمەش یەکێک لە ئاپەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان کا وا دەکا ئاڵودەی تۆرەکۆمەڵاتی بێت چۆنیەتی بەکارهێنانی کە بۆ نمونە کەسێک نامەت بۆ دەنێرێ نازانی کێیە نادیارە ئەمە وا دەکە کە سەرنج رابکێشێ زیاتر چاوت لەسەر ئەپەکە بێ تا کەسەکە خۆی دەردەخە ئەمەش وادەکەی کە بەدەوام چاوت لەسەر مۆبایل بێ لەبەر ئەوەی تۆ حەز دەکەی بزانی کە کێیە ئەم کەسە .

## تیۆرییەکانی ڕوونکردنەوەی ماڵپەڕەکانی ئالوودەبوون:

### تیۆری ڕەفتار:

تیۆری ڕەفتار پێی وایە کە هۆکارەکانی ڕەفتار لە نیەتی ئێستادایە کە هاندەرەکان تێیدا ڕوودەدەن، و تێیدا بەهێزکردن و سزادان بۆ وەڵامە تایبەتەکان ڕوودەدەن، بەو مانایەی کە هۆکارەکانی ڕەفتار لە پرۆسەی فێربووندایە، واتە ئەو پرۆسەیەی کە ڕەفتاری تاک لە وەڵامی ژینگەدا دەگۆڕێت، (شوکت محمد ,2021,ص143). ئالوودەبوون بە سایتەکانی ئینتەرنێت لە ڕوانگەی تیۆری ڕەفتارەوە ڕەفتارێکی فێربووە

که ملکەچی بنەمای هاندان و وەلامدانەوەیە، و ئەم ڕەفتارە دەتوانرێت دەستکاری بکرێت (العمار , 2014 , ص414).لە(مەحمود.٢٠٢١. ١٤٣)

لێرەوە بە پێی ڕەوتی ڕەفتار، ئەوە پراکتیزە و دووبارەبوونەوەیە کە ئالوودەبوونی ئینتەرنێتی دروست کردووە و بەم شێوەیە هەر تاکێک لە هەر تەمەنێک و لە هەر کاتێکدا و هەر چینێکی کۆمەڵایەتی یان کولتووری تاکەکەسەکە تووشی ئالوودەبوون بە ئینتەرنێت دەبێت. بەپێی ڕەوتی ڕەفتار تەنیا بوونی پاڵنەر یان ئامانج لە خۆیدا نییە، بەڵکو دەبێت ئەم ڕەفتارەش چەندین جار پراکتیزە بکرێت، دواتر بە هەستێک بەهێزتر و بەهێزتر دەبێت کە لە جۆری خۆیدا ناگۆڕێتبەڵکو لە چڕییەکەیدا دەگۆڕێت و زیاتر و توندتر دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی تاک بکەوێتە ناو زۆرێک لە تێکچوونی ڕەفتار و دەروونی و سۆزداری (Arnaut, 2008: 68).ارنوط.٢٠٠٨. ٦٨) لە (داود.٢٠١٩. ٤ ٢٩)(حەمید.٢٠١٩. ص٢٩٤)

## تیۆری مەعریفی:

خاوەن ڕەوتەکە پێیان وایە ئالوودەبوون بە تۆڕی زانیاری دەگەڕێتەوە بۆ بیرۆکە و پێکهاتە مەعریفییە هەڵەکان کە تۆڕەکە دەکاتە ناوەندی ژیانی و ئێمەش بە ماڵپەڕەکان جێی دەگرینەوە (العمر، ٢٠١٤: ل٤١٤).

ئەم شێواندنە مەعریفیانە بەخود بریتین لەگومانی خۆ، کەمبوونەوەی کارایی تاکەکەسی و خۆبەگەورەزانینی نەرێنی، وەک ئەوەی هەست بە ڕێزگرتن دەکەم کاتێک لە ئینتەرنێتدا نیم. ئەم شێواندنە مەعریفیانە لەلایەن ئەو تاکانەوە هەست پێدەکرێن کە بەدەست کێشەی دەروونییەوە دەناڵێنن و لە چالاکییە جیاوازەکانی ئینتەرنێتدا کارلێک دەکەن چونکە کەمتر مەترسیدارە لە کارلێکی ڕاستەوخۆ( عصام , 2008 , ص 48 ) .لە(مەحمود.٢٠٢١. ١٤٣)

## میحوەری دووەم: گۆشەگیری کۆمەڵایەتی:

گۆشەگیری کۆمەڵایەتی کە بریتییە لە مەیلی دوورکەوتنەوە لە کارلێکی کۆمەڵایەتی، بەشدارینەکردن لە شوێنە کۆمەڵایەتییەکان زاناکانی بواری دەروونزانی کۆمەڵایەتی بەم شێوەیە پێناسەیان کردووە:

عبد العال ( 2003 ) پێی وایە کە گۆشەگیری کۆمەڵایەتی بریتییە لەو ڕادەیەی کە تاک هەست بە تەنیایی و دابڕان لە کەسانی دیکە دەکات، کەمی ڕێژەی پەیوەندییەکانی، تێکچوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵیان، کەمی ژمارەی ناسیاوەکانی، نەبوونی هاوڕێی ئینتیمی و پاشان لاوازی... تۆڕی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە سەر بەو تۆڕە (عبدالعال ، ٢٠٠٢٠) لە(مەحمود.٢٠٢١. ١٤٤)

وە صالح (2012) پێیە وایە کە گۆشەگیری کۆمەڵایەتی بریتییە لە دابەزینی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ژیانی تاکدا لە ئەنجامی نەبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کە هەیەتی و جیابوونەوەی لە نۆرم و بەهاکانی زاڵ لە کۆمەڵگادا، بۆیە هەست بە بێهودەیی پەیوەندیکردن وتێکەڵبوون لەگەڵ ئەوانی تر، بۆیە مەیلی بۆ ڕەفتاری تاکەکەسی و کشانەوە هەیە (صالح، ٢٠١٢). لە(مەحمود.٢٠٢١. ١٤٤)

پێناسەی ڕێکارەکانی گۆشەگیری کۆمەڵایەتی: بریتییە لە هەستکردنی تاک بە تەنیایی و دوورکەوتنەوە لە بەشداریکردن و کارلێکی کۆمەڵایەتی و هەستکردن بە سەر بە نەبوونی ئەو کۆمەڵگایەی کە لە خێزان و کۆمەڵەی هەڤاڵەکاندا دەژی.(أسراء و جماعة الرفاق)

## گۆشەگیری کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکەی بە تۆڕە ۆمەڵایەتییەکان (فەیسبووک):

گۆشەگیری کۆمەڵایەتی لەنێو ئەو پرسە کۆمەڵایەتیانەدایە کەبەکارهێنانی ئینتەرنێت لەم دواییانەدا ڕیزبەندی کراوە و لەگەڵ گەشەسەندنی گەورەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە، تاکەکان زۆر وابەستەی ئەو پەیوەندییانە بوون کە لەڕێگەیانەوە بڵاوی دەکەنەوە، وە کاتێکی زۆریان تێدا بەسەر دەبەن لەبەردەم  شاشەکە، زیاتر لەو کاتەی کە بۆ کەسانی ڕاستەقینە لە ژیانیاندا تەرخان دەکەن کە پەیوەندی جیاوازیان هەیە، کە ئەمەش دەبێتە هۆی گۆشەگیری کۆمەڵایەتی ( كمال محمد سوقى ، 2000 ، ص 418 ) لە(مەحمود.٢٠٢١. ١٤٤)

بڵاوبوونەوەی فەیسبووک لە سەرانسەری جیهاندا بووەتە هۆی سەرسامی تاکەکەسی پێی، ئەمەش وای لێدەکات گرنگییەکی زۆر بەم دۆزینەوەیە نوێیە بدات، کە گوزارشت لە ڕەفتار و خووی ئەو تاکانە دەکات کە بەکاریدەهێنن، تەنانەت لە شێوازی ژیانیشیاندا، بۆیە کە زۆربەی کاتەکانیان لەبەردەم ئەم تۆڕەدا بۆ ماوەی چەند کاتژمێر و سەعاتێکی زۆر بەسەر دەبەن، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ئەرکە سەرەتاییەکانی لەدەست دەدات، لەگەڵ دوورکەوتنەوە لە هاوڕێ و ناسیاو و خێزانەکەی، و لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە گۆشەگیر دەبێت، فەیسبووک تاکەکانی کردووە خۆیان لەو کۆمەڵگایە داببڕن کە تێیدان بۆ ئەوەی بچنە ناو کۆمەڵگەیەکی نوێ، ئەویش کۆمەڵگەی ئەلیکترۆنییە، تەنانەت تاکەکەسەکە ناشایستە دەکەن بۆ ئەوەی لە ژینگە کۆمەڵایەتییە واقیعیەکەیدا بژی، بۆیە ئالوودەبوو بەو کۆمەڵگایە چەند کێشەیەکی دەبێت، لەوانە: سەختی وەستاندنی بەکارهێنانی فەیسبووک و دەستبەردارنەبوون لێی جگە لە پێویستییەکی زۆر، ئەمە جگە لەوەی درەنگانی خەبەر و کەمخەوی، و هەموو ئەمانەش دەبنە هۆی تێکچوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، وەک دوورکەوتنەوە لە هاوڕێیان، و ئەوانیش کاریگەری لەشکرکێشی کولتوورییان لەسەرە .

وە ڕەفتار و جلوبەرگەکانیان دەگۆڕن بەجۆرێک بۆمان دەردەکەوێت کە کۆمەڵگا بە وریایی و ڕقێکی زۆرەوە ڕووبەڕووی ئەم جۆرە تاکانە دەبێتەوە و ئەمەش وردە وردە لێهاتوویی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەوانی تردا لەدەست دەدات، خۆی لە دەرەوەی بازنەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ڕاستەوخۆکان لەگەڵ هاوڕێ و ناسیاوەکانی کۆن دەبینێتەوە، ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر کارلێکی کۆمەڵایەتی و بەشداری کۆمەڵایەتی دەبێت، بەو پێیەی تا زیاتر کاتژمێرەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێت درێژبکەنەوە ، کاتەکانی تاکەکان کەمتر لەگەڵ کەسانی ڕاستەقینە لە ژیانیاندا بەسەر دەبەن و ئەمەش کاریگەری لەسەر کۆمەڵایەتی دەبێت پەیوەندی و هۆکار زۆر کێشە لە پێشەنگی گۆشەگیری کۆمەڵایەتیدا دێنە پێشەوە.(شەریف درويش الألباني.٢٠٠٠. ٤١) لە(مەحمود.٢٠٢١. ١٤٤)

## نیشانەکانی گۆشەگیری کۆمەڵایەتی:

نیشانەکانی گۆشەگیری کۆمەڵایەتی بریتین لە:

- سەرقاڵبوون و دوورکەوتنەوە لە دەستپێشخەری بۆ قسەکردن لەگەڵ کەسانی دیکە یان ئەنجامدانی چالاکیی هاوبەش لەگەڵیان
- لەوانەیە هەستکردن بە نارەحەتی لە دەوروبەر و کارلێککردن لەگەڵ کەسانی دیکەدا لەخۆبگرێت.
- ئاسانکاری گوێڕایەڵ، ڕۆتینی خۆشەویستی، و وەڵام نەدانەوە بۆ گۆڕانکاری.
- هەرزەکارانی گۆشەگیر مەیلیان هەیە خۆیان لە بەشداریکردن لە گفتوگۆکانی پۆلدا بەدوور بگرن و تەنانەت کاتێک کێشەیەکیان هەیە، داوای یارمەتی لە مامۆستا، ڕاوێژکار، یان بەڕێوەبەر ناکەن.
- هەروەها هەرزەکارە گۆشەگیرەکان بە بێبڕیار و ڕەشبینی سەبارەت بە داهاتوو و نەبوونی زمان کە ڕەنگە ببێتە گومان و گاڵتەکردن بە کەسانی دیکە و تێڕوانین بۆ کۆمەڵگا وەک ناجێگیر و پڕ لە کەسانی باوەڕپێنەکراو تایبەتمەندن.

هەروەها کەسانی هاوئاهەنگی کۆمەڵایەتی بەزەحمەت پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ناساندنی خۆیان بە کەسانی دیکە ( القمش ، و المعاطیة , 2007 , ص 15:14 )لە( محمود.٢٠٢١. ١٤٥ )

## تیۆرەکانی گۆشەگیری کۆمەڵایەتی:

### ١-دەروونی شیکاری:

ڕێبازێک کە ئاماژە بە خۆگۆڕینی دەروونی دەکات بە گشتی وەک دابڕانی ئارەزووی سێکسی لە سوژە دەرەکییەکانی و کشانەوەی بۆ جیهانی ناوەوەی کەسەکە، (لابالانش , بونتالیس , 2000 , ص127 ). وە ئینتەر ئادلێر دووپاتی کردەوە کە هەستکردن بە گۆشەگیری ڕەنگە بەهۆی شکستی پەروەردەکردنی منداڵەوە بێت یان بێبەشبوون لە خۆشەویستی و سۆز، ئەمەش بووە هۆی هەستکردن بە کەمایەتی، وەک کارین هۆرنی باس لەوە دەکات کە لەکاتێکدا مەیموون شکست دەهێنێت لە هەوڵەکانی بۆ بەدەستهێنانی گەرمی و پەیوەندییە تێرەکان لەگەڵ ئەوانی تردا، خۆی لەوان دادەبڕێت.، و ڕەتیدەکاتەوە پەیوەندییان پێوە بکات و لێیان دوور بکەوێتەوە، هەروەها هۆرنی پێی وایە کە سێ مەیلی دەمارگیری هەیە کە تاکەکان وەک میکانیزمی خۆپاراستن لە دڵەڕاوکێ بەکاری دەهێنن، و دەگەڕێنەوە بۆ هەندێک نەخشەی تاکڕەوی تایبەت: - هەنگاونان بەرەو ئەوانی تر (ئەو... جۆری گونجاو) - جوڵەکردن دژی ئەوانی تر (جۆری شەڕانگێزی) - دوورکەوتنەوە لە کەسانی تر (جۆری دابڕان)، ئەگەر هەنگاونان بەرەو مرۆڤەکان بە پێویستی خۆشەویستی و هەستکردن بە سەربەخۆیی تایبەتمەند بێت، ئەوا دوورکەوتنەوەیان لەوان نوێنەرایەتی کەسایەتییە گۆشەگیرەکان دەکات، و مەیلیان هەیە مەودای سۆزداری پێکبهێنن کە لە هەموو مرۆڤەکانی تر دووریان بخاتەوە بەجۆرێک کە ئەوان پەیوەندییان لەگەڵدا نییە، و نابێت خۆشیان بوێت یان ڕقیان لێبێت و نە

هاوکاریان لەگەڵ کەسانێک بکەن کە بۆ بەدەستهێنانی ئەم گۆشەگیرییە (مصطفی، ٢٠١٢: لە ساڵی ١٣٧٥ )لە (احمد و ئەوانی دیکە، 2021 , ص145 ) . لە( محمود.٢٠٢١. ١٤٥ )

**٢-تیۆری ڕەفتار:**

قوتابخانەی ڕەفتارناس پێی وایە ڕەفتاری مرۆڤ هیچ نییە جگە لە کۆمەڵێک خوو کە تاک لە ژێر ڕۆشنایی قۆناغە جیاوازەکانی گەشەکردنیدا فێری بووە یان بەدەستی هێناوە، ئەوان پێیان وایە ڕەفتاری قبوڵنەکراو لە ئەنجامی یەکێک لەم هۆکارانەی خوارەوە دێتە ئاراوە. دادوەریکردن لە بەدەستهێنان یان فێربوونی ڕەفتاری گونجاو -فێربوونی تەکنیکەکانی ڕەفتاری نەگونجاو

-ڕووبەڕووبوونەوەی تاک لەگەڵ بارودۆخی دژ بەیەک-وەڵامەکانی تاک بۆ هاندەرە نوێیەکان بەستنەوە بە ڕاوێژکارییەکی نوێ. بە پێی ئە م تیۆرە یە کێک لە و هۆکارانە ی کە وا دە کات بە شێک لە تاکە کان پە نا بۆ دابڕانی کۆمە ڵایە تی وە ک ئامرازێکی ئاشتە وایی ببە ن، ئە و ڕە خنە و سزای توندە یە کە هە ڕزە کان لە کاتی پە ڕوە ڕدە کردنیاندا بە ڕدە وام دە بن، ئە مە ش وای لێدە کات لە پێناو دوورکە وتنە وە لە سزا و سزادانی هە ڕزە ، گۆشەگیری بکە ن و سەرزەنشتکردن و دەربازبوون لە کێشەکان. ژیان,

هەروەها تیۆریستەکان پێیان وایە ئەو پشتگوێخستنەی کە تاک لە سەرەتای منداڵیدا لە دایک و باوکی یان دەوروبەری وەریدەگرێت و مامەڵەی توند لە پەروەردەکردندا دەبێتە هۆی نەبوونی کارلێکی ئەرێنی و نەبوونی هەستی ئاسایش و دڵنیایی، ئەمەش دەبێتە هۆی نزمبوونەوە ئاستی کارلێکی ئەرێنی، کە دەبێتە هۆی نەرێنی و کشانەوەی لە کەسانی دیکە، و بەم پێیەش هەستی گۆشەگیری، (محمد , 2012 , ص 1136 ) لە(مەحمود.٢٠٢١. ١٤٦)

**٣-تیۆری خود:**

خود جەوهەری کەسایەتییە و ڕۆجەرز پێی وایە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی تەنها بە تێگەیشتن لە تەواوی مرۆڤ لە ژێر ڕۆشنایی بوارەکەی کۆی گشتیدا تێدەگەین.وە ئەو ڕەفتارەی کە ڕووبەڕووی ڕەتکردنەوە دەبێتەوە، هەوڵدەدات خۆی لێ بەدوور بگرێت، و کەی تاک لە دۆخێکدایە کە بارودۆخی گونجانی ئەرێنی لەبەردەستدا نییە، کێشە دەروونییەکان دەست پێدەکەن و خۆگونجاندن لەگەڵ کەسانی دیکەدا، تاکەکەش مەیلی گۆشەگیر و کشانەوە لە خۆیدا هەیە (مصطفی ، ٢٠١٢: ل١١٩٢) لە(مەحمود.٢٠٢١. ١٤٦)

## توێژینەوەکانی پێشووتر: توێژنیەوەی (غەریری،٢٠١٧) ئاڵودەبوونی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بە هەسکردن بە تەنیایی:

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دیاریکردنی پەیوەندی نێوان ئاڵودەبوونی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بە هەسکردن بە تەنیاییە، نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (٣٤٣) قوتابی قۆناغی ناوەندی، ئەنجامەکان

ئەوەیان دەرخستووە کە پەیوەندییەکی پۆزەتیف هەیە لە نێوان ئاڵودەبوونی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بە هەسکردن بە تەنیاییدا، هەروەها دەرکەوت کە لە (٢٦%) ی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە ئاستی ئاڵوودەبونیان زۆر بەرزە وە لە (٥٦%) یان ئاستی ئاڵوودەبوونیان مام ناوەندە وە لە (١٨%) ی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە ئاستی ئاڵوودەبوونیان زۆر نزمە. (غریری، ٢٠١٧، لا٨٩).

**توێژینەوەی (احمد،٢٠٢٠) پەیوەندی لە نێوان بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و کێشە کۆمەڵایەتییەکان لای گەنجانی زانکۆ:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دیاریکردنی پەیوەندی نێوان بەکارهێنانی سۆشیال میدیای و کێشە کۆمەڵایەتییەکان لای گەنجانی زانکۆ، چ پەیوەندی بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیانەوە هەبێت، یان پەیوەندییە خێزانییەکانیان، یانیش دەستکەوتی ئەکادیمییان.توێژینەوەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە گرنگترین ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتیانەی کە بەکاردەهێنرێن سناپچاتن، دواتر واتسئەپ، پاشان ئینستاگرام، تێکڕای ئەو کاتژمێرانەی کە گەنجانی زانکۆ لە سۆشیال میدیادا بەکاریدەهێنن لە ڕۆژێکدا (5) کاتژمێرە، هەروەها گرنگترین هۆکارەکانی بەکارهێنانی سۆشیال میدیایە خەریکی یاری ئەلیکترۆنین لەگەڵ کەسانی تر و ئەوەی کە ڕێگەیەکی ئاسانە بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ ئەندامانی خێزان و بەسەربردنی کاتە بەتاڵەکان، توێژینەوەکە ئەوەشی دەرخستووە کە پەیوەندییەکی مامناوەند هەیە لە نێوان بەکارهێنانی سۆشیال میدیا و کێشە کۆمەڵایەتییەکان لەنێو گەنجانی زانکۆدا، جا پەیوەندی بە... کێشەکان. (احمد، ٢٠٢٠،لا٦٥٧).

توێژینەوەی (راضي وحسن، ٢٠٢٠) نەخۆشی ئالوودەبوون بە ئینتەرنێت و پەیوەندییەکەی بە دابڕانی کۆمەڵایەتی لە نێوان خوێندکارانی زانکۆدا

**توێژینەوەی (راضي وحسن، ٢٠٢٠) نەخۆشی ئاڵودەبوونی ئەنتەرنێت و پەیوەندی بە گۆشەگیری کۆمەڵایەتی لای قوتابیانی زانکۆ:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی ئاستی ئاڵودەبونی ئەنتەرنێت و گۆشەگیری کۆمەڵایەتیە، هەروەها زانینی جیاوازی لێیان بەپێی گۆڕاوەکانی ڕەگەز و پسپۆڕی خوێندن وە هەروەها زانینی پەیوەندی لا نێوان ئاڵودەبوونی ئەنتەرنێت و گۆشەگیری کۆمەڵایەتی، نموونەی توێژینەوە پێکهاتووە لە (٢٠٠) قوتابی زانکۆی موستەنسریە، ئەنجامەکان ئەوەیان دەرخستوە کەقوتابیانی زانکۆ ئاڵودەی بە کارهێنانی ئەنتەرنێتن و هەروەها گۆشەگیری کۆمەڵایەتیان هەیە. وە دەرکەوتوە کە جیاوازی نیە ئاستی لە ئاڵودەبوون و گۆشەگیری کۆمەڵایەتی لە نێوان کوڕو کچ، هەروەها دەرکەوتووە کە جیاوازی هەیە لە نێوان کوڕ و کچ لە ئاستی ئاڵودەبوون بە ئەنتەرنێت بە پێی گۆڕاوی پسپۆڕی خوێندن، بەڵام ئەم جیاوازییە بە دی ناکرێت لە نێوان کوڕ و کچ لە گۆشەگیری کۆمەڵایەتیدا. وەهەر وەها دەرکەووتووە کە پەیوەندی هەیە لە نێوان ئاڵوودەبوون بە ئەنتەرنێت و گۆشەگیری کۆمەڵایەتودا.
**(راضي وحسن، ٢٠٢٠،لا١٠٥٧).**

## بەشی سێیەم

## میتۆدی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیە توێژەران میتۆدی وەسفی شیکاریان بەکارهێناوە لەبەر گونجانی لەگەل سروشتی توێژینەوەکە ،ئەم میتۆدە یەکێکە لە متێد زانستیە باوەڕ پێکراوەکان لەبواری توێژینەوەی ئەکادیمی.

**کۆمەڵگەی توێژینەوە:**کۆمەڵگەی توێژینەوە پێک دێت لە قوتابیانی زانکۆی سەڵاحەدین بەهەموو کۆلێژەکانیەوە کە تۆمار کراون لە بەڕێوەبەرایەتی زانکۆی سەڵاحەدین بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٢-٢٠٢٣ کە کۆی گشتیان بریتییە لە ((25200) قوتابی.

**نموونەی توێژینەوە:** نموونەی ئەم توەژینەوە بەڕێگای هەڕەمەکی سادە هەڵبژێردراون کەبریتین لە (٨٠) قوتابی (٤٣ )قوتابی لە ڕەگەزی نێر (٣٧) لە ڕەگەزی مێ. وەک لە خشتەی ژمارە (١) ڕوونکراوەتەوە

خشتەی ژمارە (١) نموونەی توێژینەوە

| کۆلێژ | ژمارەی قوتابیان | ڕەگەز |
|---|---|---|
| زانستی سیاسی | ٢٨ | ٧ مێ / ٢١ نێر |
| پەروەردەی بنەڕەت | ١٥ | ١٣ مێ / ٢ نێر |
| یاسا | ١١ | ٧ مێ / ٤ نێر |
| کارگێری و ئابووری | ٥ | ٣ مێ / ٢ نێر |
| پەروەردە | ١٠ | ٥ مێ / ٥ نێر |
| زانستی ئیسلامی | ١ | ٠ مێ / ١ نێر |
| پەروەردەی وەرزش | ٥ | ٠ مێ / ٥ نێر |
| زانست | ٥ | ٢ مێ / ٣ نێر |
| کۆی گشتی | ٨٠ | ٣٧ مێ / ٤٣ نێر |

**ئامرازەکانی توێژینەوە:** ئامرازەکانی توێژینەوە لەدوو ئامراز پێکهاتووە، یەکەمیان بریتییە لەپێوەری (پێوەری ئاڵودەبوونی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان) کە لەلایەن(محمد،٢٠١٧) دانراوە و بریتیە لە (١٨) بڕگە و هەڵبژاردەکانیش برتییە لە (هەموو کات-زۆربەی کات-هەندێ کات-بەدەگمەن-زۆر بە دەگمەن)کە ڕیزبەندیەکە لە(١-٢-٣-٤-٥)بۆ بڕگە ئەرێنیەکانو لە (٥-٤-٣-٢-١)بۆ بڕگە نەرێنیەکان بەرزترین نمرە(٩٠) وە نزمترین نمرە (١٨) بووە. وە دووەمیان بریتییە لە پێوەری (گۆشەگیری کۆمەڵایەتی) کەلەلایەن

(خەلیفە،٢٠١٩) دانراوەو ژمارەی برگەکانیشی بریتین لە (٢٠) برگە. وە هەڵبژەردەکانیشی بریتیین لە(بەدەگمەن-هەندێ کات- زۆربەی کات)کە ڕیزبەندیەکە لە (١-٢-٣) بۆ برگە ئەرێنیەکان و لە(٣-٢-١)بۆ برگە نەرێنیەکان بەرزترین نمرە (٦٠) ە وە نزمترینیش بریتییە لە (٢٠)نمرە.

**راستی ڕوکەشی یان ڕواڵەتی:** توێژەران هەستان بە وەرگرتنی ڕای شارەزایان لەسەر هەردوو پێوەرەکە، کەسەرجەمیان کۆک بوون لەسەر مانەوەی سەرجەم برگەکان بۆیە بە وەرگرتنی ڕێژەی سەدی ڕای شارەزایان سەرجەم برگەکان وەک خۆیان مانەوە. پاشکۆی ژمارە (١) بریتییە لە ناوی شارەزایان. - **جێگیری پێوەرەکان:**: بۆدۆزینەی جێگیری یەکگرتووی ناوەکی هەردووپێوەرەکە، توێژەران هەڵسان بەگرتنەبەری ڕێگای ئەلفا کرۆنباخ بۆ پشکنینی یەکگرتووی ناوەکی برگەکانی پێوەری ئاڵوودەبوون بە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و پێوەری گۆشەگیری. دەرئەنجامی شیکاری "ئەلفا کرۆنباخ" Alfa Cronbach بۆ بۆ پێوەری یەکەم بریتیبوو لە (0.80 =α)، وە بۆ پەوەری دووەم بریتی بوو لە (0.81)

**وێنەی کۆتایی پێوەرەکە:** لە کۆتا وێنەدا پێوەری یەکەم برگەکانی (١٨)برگەیەو هەروەها پێوەری دووەم برگەکانی(٢٠)برگەیە .پاشکۆی ژمارە (٢)

**ئامرازە ئامارییەکان:**

بۆشیکارکردنی داتا کۆکراوەکان وجێبەجێکردنی ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە، چەند ئامرازێکی ئاماری بەکارهێنرا ، کەدەکرێ بەم شێوەیە ئاماژەیان بۆبکرێت:

- One-Sample T Test بەکارهێنرا بۆپێوانەکردنی گۆڕاوەکانی توێژینەوە.
- Independent Samples Test بەکارهێنرا بۆپشکنینی جیاوازی نێوان ڕەگەزی نێر و مێ لە شێوازەکان.
- هاوکێشەی پیرسون بۆ بینینەوەی پەیوەندی لە نێوان ئاڵوودەبوون بە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و گۆشەگیری کۆمەڵایەتی.

## بەشی چوارەم

## خستنەڕووی ئەنجامەکان

### ئامانجی یەکەم: زانینی ئاستی ئاڵوودەبون تۆرەکۆمەڵاتییەکان لای قوتابیانی زانکۆی سەڵاحەدین:

ئەنجامی شیکردنەوەی داتاکان ئەوە دەردەخەن کە ئاڵودەبوونی قوتابیانی زانکۆی سەلاحەددین بە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان لە ئاستێکی نزمدایە، هەروەکو لە خشتەی ژمارە (٢) دیارە کە ناوەندە ژمێرەیی بریتییە لە (2.38) بە بەراوردکردنی بە ناوەندە گریمانەیی کەبەهاکەی (3)یە بۆمان دەردەکەوێت کە ئاڵوودەبوونی قوتابیان بەتۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەئاستێکی نزمدایە ئەمەش ئەنجامێکی پەسەندە چونکە جیاوازی نێوان ناوەندە ژمێر و ناوەندە گریمانەی نزیکە لە لادانی پێوەری کە بەهاکەی (0.55) وە بە بەکارهێنانی (one sample t.test)بۆ زانینی بەڵگەداری ئاماری دەرکەوتووە کە بەهای (p.value) بچوکترە لە ئاستی (0.05)، ئەمەش بەواتای ئەوە کە دێ جیاوازی لە نێوان ناوەندە ژمێر و ناوەندە گریمانەییدا بەڵگەدارن. ئەم ئەنجامەش پێچەوانەیە لەگەل ئەو ئەنجامەی کە توێژنیەوەکانی (راضي حسن،٢٠٢٠) (غەریری،٢٠١٧) پێی گەیشتوون.

**خشتەی ژمارە (٢ ) دەرئەنجامی شیکاری one sample t.test بۆ زانینی ئاستی ئاڵودەبوون بە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان**

| ناوەندە ژمێر | لادانی پێوەری | بەهای تای هەژمارکراو | p-value | df | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| 2.388 | 0.551 | 9.930 | 0.000 | 79 | 0.05 |

### ئامانجی دووەم: زانینی ئاستی گۆشەگیری کۆمەڵاتییەکان لای قوتابیانی زانکۆی سەڵاحەدین:

ئەنجامی شیکردنەوەی داتاکان ئەوە دەردەخەن کە گۆشەگیری کۆمەڵایەتی لای قوتابیانی زانکۆی سەلاحەددی لە ئاستێکی نزمدایە، چونکە هەروەکو لەخشتەی ژمارە (٣) دیارە کەناوەندە ژمێرەیی بریتییە لە (1.81) بە بەراوردکردنی بە ناوەندە گریمانەیی کەبەهاکەی (3)یە بۆمان دەردەکەوێت کەگۆشەگیری کۆمەڵایەتی لای قوتابیانی زانکۆی سەلاحەددین لەئاستێکی نزمدایە ئەمەش ئەنجامێکی پەسەندە چونکە جیاوازی نێوان ناوەندە ژمێر و ناوەندە گریمانەی نزیکە لە لادانی پێوەری کە بەهاکەی (0.20) ، وەبەبەکارهێنانی (one sample t.test)بۆ زانینی ماناداری ئاماری دەرکەوتووە کە بەهای (p.value) بچوکترە لە ئاستی (0.05). ئەمەش واتای ئەوەیە کە جیاوازی لە نێوان ناوەندە ژمێر و ناوەندە گریمانەییدا

بەڵگەدارن. ئەم ئەنجامەش پێچەوانەیە لەگەڵ ئەو ئەنجامەی کە توێژنیەوەی (راضي حسن،٢٠٢٠) پێی گەیشتوون.

**خشتەی ژمارە (٣ ) دەرئەنجامی شیکاری one sample t.test بۆ زانینی ئاستی گۆشەگیری کۆمەڵایەتی**

| ئاستی بەڵگەداری | df | p-value | بەهای تای هەژمارکراو | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێر |
|---|---|---|---|---|---|
| 0.05 | 79 | 0.000 | 7.937 | 0.206 | 1.816 |

**ئامانجی سێیەم: زانینی جیاوازی لە ئاستی ئاڵوودەبوون و گۆشگیری کۆمەڵایەتی بە پێی ڕەگەز:**

بە مەمەبەستی دەرخستنی جیاوازی لە نێوان کوڕو کچدا لە ئاستی ئاڵودەبوون بە تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان Tow Sample t.test بەکارهێنراوە، وە ئەنجامی شیکارییەکان دەریان خستووە کە جیاوازی بەهاداری ئاماری هەیە لە نێوان کوڕو کچدا لە ئاستی ئاڵودەبوونیان بەتۆڕەکۆمەڵایەتییەکان چونکە ناوەندە ژمێری کوڕان کەدەکاتە(44.9) گەورەترە لەناوەندە ژمێری کچان کەدەکاتە (40.81)، بەڵام بە بەکارهێنانی بەڵام بەهای (p.value)گەورەترە لە ئاستی (0.05)وەک لە خشتەی ژمارە (٤) دەردەکەوێت.واتە جیاوازییەکە بەڵگەداری مانادار نین. ئەم ئەنجامەش پێچەوانەیە لەگەڵ ئەو ئەنجامەی کە توێژنیەوەی (راضي حسن،٢٠٢٠) پێی گەیشتوون. ئەم ئەنجامەش هاوشێوەیە لەگەڵ ئەو ئەنجامەی کە توێژنیەوەی (راضي حسن،٢٠٢٠) پێی گەیشتوون.

**خشتەی ژمارە (٤) tow sample t.testبۆ بینینەوەی جیاوازی لە نێوان کوڕ و کچ لە ئاڵودەبوون بە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان**

| ئاستی بەڵگەداری | df | p-value | بەهای تای هەژمێرکراو | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێر | ژمارە | کۆمەڵە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 0.05 | 78 | 0.062 | 1.893 | 10.808 | 44.952 | 42 | کوڕان |
| | | | | 8.449 | 40.815 | 38 | کچان |

وە سەبارەت بە زانینی جیاوازی لە نێوان کوڕ و کچدا لە ئاستی گۆشەگیری کۆمەڵایەتیدا ئەنجامی شیکارییەکان دەریان خستووە کەجیاوازی بەهاداری ئاماری هەیە لە نێوان کوڕ و کچدا لە ئاستی گۆشەگیری کۆمەڵایەتیدا چونکە بەهای (p.value)بچوکترە لە ئاستی (0.05) وە هەر وەها ناونەدە ژمێر کوڕان کەدەکاتە (37.40) گەورەترە لەناوەندە ژمێری کچان کەدەکاتە (35.16)وەک لە خشتەی ژمارە (٥) دەردەکەوێت، وە ئەم جیاوازیەش لەبەرژەوەندی کوڕاندایە چونکە ناوەندە ژمێرەکەیان بەرزترە لە ناوەندە

ژمێری کچان. هۆکاری ئەم جیاوازییەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کچان زۆرتر لە گەڵ خێزانەکانیاندا تێکەڵن وەک لە کوڕان کە زۆربەی کاتەکانیان لە دەرەوە دەبەنەسەر.

**خشتەی ژمارە (٥) tow sample t.testبۆ بینینەوەی جیاوازی لە نێوان کوڕ و کچ لە گۆشەگیری کۆمەڵایەتی**

| کۆمەڵە | ژمارە | ناوەندە ژمێر | لادانی پێوەری | بەهای تای هەژمێرکراو | p-value | Df | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کوران | 42 | 37.40 | 4.356 | 2.512 | 0.013 | 78 | 0.05 |
| کچان | 38 | 35.16 | 3.553 | | | | |

**ئامانجی چوارەم: زانینی پەیوەندی نێوان ئاڵودەبوون و گۆشەگیری کۆمەڵاتی لای قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین:** بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئامانجە هاوکێشەی پیرسۆن بەکارهاتوە، وەئەنجامە شیکارییەکان دەریان خستووە کەهەکۆلگەی پیرسۆن بریتییە لە (0.93) بەڵام بەڵگەداری واتادار نییە، چونکە p.valueکە دەکاتە (0.441) گەورەترە لە ئاستی بەڵگەداری .(0.05) وەک لە خشتەی ژمارە (٦) دا هاتووە. ئەم ئەنجامەش پێچەوانەی ئەنجامی ئەو توێژنیەوەیە کە(راضي حسن،٢٠٢٠) پێی گەیشتوون.

**خشتەی ژمارە (٦) پەیوەندی لە نێوان ئاڵودەبوونی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و گۆشەگیری کۆمەڵایەتی**

**Correlations**

| | | گۆشە گیری | ئالودەبوون |
|---|---|---|---|
| sum | Pearson Correlation | 1 | .093 |
| | Sig. (2-tailed) | | .411 |
| | N | 80 | 80 |
| sum2 | Pearson Correlation | .093 | 1 |
| | Sig. (2-tailed) | .411 | |
| | N | 80 | 80 |

## بەشی پێنجەم: ڕاسپردە و پێشنیازەکان

**یەکەم: ڕاسپاردەکان:** لەژێر ڕۆشنایی ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێی گەیشتووە توێژەران ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە دەخەنە ڕوو:

١- ئەنجامدانی کۆڕ و سمینناری تایبەت بە هۆشیارکردنەوەی گەنج بە گشتی و وقوتابیانی زانکۆ بەتایبەتی سەبارەت بە کاریگەرییەکانی ئالوودەبوون.
٢- هاندانی بەردەوامی قوتابیانی زانکۆ لەلایەن مامۆستایانەوە بۆ خۆدورخستنەوەو زیدەڕەوی لە بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و پاراستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە بینینی ڕاستەوخۆوە نەک لە ڕێگای تۆڕی کۆمەڵایەتی،

**دووەم: توێژینەوە پێشنیازکراوەکان:**

توێژەران پێسنیازی ئەوە دەکەن کەچەند توێژینەوەیەکی تر لەداهاتوودا ئەنجام بدرێت لەسەر ئەم بابەتانەی خوارەوە:

١- ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر بابەتی ئالوودەبوون بە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لای چینە جیاوازەکانی تر وەک هەرزەکاران و قوتابیانی قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی.

٢- ئەنجامدانی توێژینەوەی تایبەت بە جۆنیەتی خۆپاراستن و دوورکەوتنەوە لە ئالودەبوونی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان.

## لیستی سەرچاوە :

•١ سورێن ئەکرەم / ٢٠کانونی دووەم ٢٠١١ ،ماڵپەڕی کوردژین، https://www.kurdzhin.net/index.php?option=com_content&view=article&id=2507:2011-01-20-10-56-58&catid=33:twejinaway-khwendkaran&Itemid=110

•٢ ئەنەس،جومعە،٤/٨/٢٠٢١ ، ٢١:٢ ،ماڵپەڕی زانیاری، https://zaniary.com/blog/610ad5e0cbfa9/%DA%AF%DB%86%D8%B4%DB%95%DA%AF%DB%8C%D8%B1%DB%8C

•٣ اسراء،هەڤاڵ خليل (ادمان الانترنت و وعلاقتها بالرفض الاجتماعي لدى المراهقين في مدارس اعدادية في اربيل)

٤•مريم قويد، اثر الالعاب الالكترونية على السلوكيات لدى الاطفال. 2012 كلية علوم الاعلام والاتصال ، الجزائر.

٥• عزب، حسام الدين، غدمان الانترنت وعلاقته ببعض أبعاد الصحةالنفسية لدى طلاب المرحلةالثانوية، 2001، المؤتمر العلمي السنوي للطفل والبيئة

٦• الرواجفة، علي عبد الله، اثر برنامج ارشاد جمعي في تخفيف الشور بالعزلة الاجتماعية لدى طلاب الصف الأول من المرحلة الثانوية في الأردن 2004، دكتوراه غير منشورة، كلية التربية ابن الهيم، جامعة بغداد، بغداد، العراق)

٧.(الشماء ، محمود باشه سيد أحمد ، ٢٠٢١، إدمان مواقع التواصل علاقته بالعزلة الاجتماعية لدى

المراهقين ، كليه البنات -جامعية عين شمس- مصر)

٨. (م.م على ، داود سليمان ، ٢٠١٩، الادمان على مواقع التواصل الاجتماعي و علاقته بالتسوف الاكاديمى لدى طلبه المرحله الثانويه ، وزارة التربيه-الانبار)

أ.م سالم، حميد عبيد ،٢٠١٩ ، الادمان على مواقع التواصل الاجتماعي و علاقته بالتسوف الاكاديمى لدى طلبه المرحله الثانويه ، وزارة التربيه-الانبار)

٩.(محمد ، أحمد خهليفه ،٢٠١٩ ، استخدام مواقع التواصل الاجتماعى لدى الشباب و علاقته بالعزلة الاجتماعية الاغتراب النفس)

١٠. د.عبيد ، محمد عبدالصمد أحمد ،٢٠٢٢ ، العلاقة بين استخدام و سائل التواصل الاجتماعى والشكلات الاجتماعية لدى الشباب الجامعى ، كلية الخدمة الاجتماعيه-جامعة حلوان

١١-.بهجت،هبة الله (٢٠٠٣) : اثر استخدام التكنولوجيا الاتصال الحديثه على انماط الاتصال الأسر في مصر ، رسالة ماجستير، كليه الإعلام جامعة القاهرة

12.عبدالمطلب،محمد (٢٠٠٣):إدمان الانترنت حقيقةو فروق تأثير في الاكتاب لدى عينه من مختلفى المستويات التعليمية، المؤتمر العلمى السنوى كليه التربية ، جامعة المنصور

13.كامل،سلمى حسين (٢٠١٦):ادمان الانترنتو علاقيه بالدفعية نحر التحصل الدراسي لدى طلبة الفاشلين و رايا، مجلة أماراك ، المجلد (٧)العدد(٢٢)

14.محمد،المنصور (٢٠١٢) : تاثير شبكه التواصل على جمهور المتعلق ، دراسة مقارنه للمواقع الاجتماعية، القاهرة، الدار المسريه اللبنانية

15. إسماعيل،على سيد (٢٠٢٠): مواقع التواصل الاجتماعيه بين التصرفات المرفوضه والاخلاقيات المفرضة، الإسكندرر ، دار التعليم الجامعي

16. محمد،إسماعيل حمدي (٢٠١٥):الإعلام ودورة في الوفاء بحاجات الشباب في مجتمع متغير ،عمان ،دار المعتذر للنشر والتزيع

17. الطعاني ، سليمان (٢٠٢٠):الوجيز في التربية الإعلامية ، عمان ، دار الخليج للنشر للتزيع

18. خالد،العمار(٢٠١٤):إدمان الشبكة المطوماتية الانترنت و علاقتة بيعض المتغيرات لدى طلبة جامعة دمشق ،رسالة ماجستير منشورة ،مجلة جامعة دمشق ، المجلد ٣٠ ، العدد ٢

19. أرنوط، بشرى إسماعيل (٢٠٠٨): إدمان الإنترنت و علاقيه بكل أبعاد الشخصيه والا خطرابات النفسة لدى الاردن، مجله المنار المجلد (٢٠) العدد (١)

20. القميزي ،حمدين عبدالله (٢٠١٥): التعلم ومهارات الاتصال ،الرياض، مكتبة الشقري للنشرة

21. اللبان،شريف درويش(٢٠٠٠):تكنولوجيا الاتصال والمخاطر والتحديات والتاثيرات الاجتماعيه القاهر ، الدار المصريه البنانية.

22. غريري، علي بن حمد بن احمد (٢٠١٧): ادمان شبكات التواصل الاجتماعي وعلاقته بالشعور بالوحدة النفسية، مجلة العلوم الإنسانية والاجتماعية، العدد الأول- المجلد الثاني.

23. احمد، عبير محمد عبدالصمد (٢٠٢٠): العلاقة بين استخدام وسائل التواصل الاجتماعي والمشكلات الاجتماعية لدى الشباب الجامعي، مجلة الدراسات في الخدمة الاجتماعية والعلوم الإنسانية، العدد ٥٢، المجلد٣. الموقع: https://jsswh.journals.ekb.eg/

24. راضي وحسن، مؤيد عبد السادة، براء محمد (٢٠٢٠): اضطراب ادمان الانترنيت وعلاقته بالعزلة الاجتماعية لدى طلبة الجامعة. جامعة واسط، مجلة كلية التربية.

## پاشکۆی ژمارە (١)

ناوی ئەو پسپۆرانەی برگەگانی پیوەری ئالودەبوونی تۆڕەکۆمەلآیەتییەکان و گۆشەگیری کۆمەلآیەتییان خراوەتە بەردەست

| رقم | ناو | پلەی زانستی | پسپۆری | زانکۆ و کۆلێژ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | د.سلوی احمد امین | أستاذ مساعد | پێوانەو هەڵسەنگاندن | زانكۆی سەلاحەددین\ پەروەردەی بنەڕەتی |
| ٢ | م.بەیمان صابر حسن | م.ی | ڕێگای وانەوتنەوەی زانستەکان | زانكۆی سەلاحەددین\ پەروەردەی بنەڕەتی |
| ٤ | م.اشقي سليمان حسۆ | مامۆستا | ڕێگای وانەوتنەوەی زانستەکان | زانكۆی سەلاحەددین\ پەروەردەی بنەڕەتی |
| ٥ | م.سارة احمد | مامۆستا | ڕێگای وانەوتنەوەی زانستەکان | زانكۆی سەلاحەددین\ پەروەردەی بنەڕەتی |
| ٦ | م.روشنا صدیق | مامۆستا | ڕێگای وانەوتنەوەی زانستەکان | زانكۆی سەلاحەددین\ پەروەردەی بنەڕەتی |
| ٧ | م.نهله نورالدين | م.ی | ڕێگای وانەوتنەوەی زانستەکان | زانكۆی سەلاحەددین\ پەروەردەی بنەڕەتی |

## پاشکۆی ژمارە (٢)

زانکۆی سەلاحەدین
کۆلێژی پەروەردەی بنیات
بەشی زانستە گشتیەکان

ڕاپرسی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی

مامۆستا .................................. ی بەڕێز
شوێنی کار...................................

سڵاوێکی گەرم...

هەردوو توێژەر مەبەستیانە توێژینەوەیەک ئەنجام بدەن بەناونیشانی (ئاڵوودەبوونی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و پەیوەندی بە گۆشەگیری کۆمەڵایەتی لای قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین) وەک بەشێک لەپێداویستیەکانی توێژینەوەی دەرچوون، وە لەپێناو بەدەست هێنانی ئامانجەکانی توێژینەوە پشت بەپێوەری (محمد،٢٠١٧) بۆ ئاڵوودەبوونی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و و پێوەری گۆشەگیری کۆمەڵایەتی (خەلیفە،٢٠١٩) دەبەستن. وە بەو پێیەی جەنابتان خاوەن شارەزایەکی زانستی زۆرن لەم بوارەدا توێژەران ڕوویان لە جەنابتان کردوە لە دەربڕینی ڕا وبۆچوونی خۆتان لەبارەی گونجاوی بڕگەکانی پێوەرەکان لەڕووی: ڕادەی ڕوونی بڕگەکان وگونجاویی لە ڕووی زمانەوانیەوە.

**ئاڵودەبوونی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان:** بریتتیە لەبەکارهێنانێکی لە ڕادەبەدەری تۆڕەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بە بێ هێچ زەرورەتێکی پیشەیی یان ئەکادیمی، بەشێوەیەک کە تاک سەرقاڵ دەبێت پێی و ناتوانێت ڕێ لە بەکارهێنانی بگرێت.
ئەڵتەرناتیڤەکانی وەڵامەکان بۆ پێوەری ئاڵوودەبوونی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان پێکدێن لە: (زۆر بە کەمی- بەدەگمەن- هەندێ کات- زۆربەی کات- هەمووکات)
**پێناسەی گۆشەگیری کۆمەڵایەتی:** بریتییە لە حەزی تاک بۆ دوورکەوتنەوە لە تێکەڵاوبوونی کۆمەڵایەتی و بەشدارینەکردن لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی گونجاو و نەبوونی شێوازەکانی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتی.
ئەڵتەرناتیڤەکانی وەڵامەکان بۆ پێوەری گۆشەگیری کۆمەڵایەتی بریتیین لە ( زۆربەی کات- هەندێ کات- بەدەگمەن)

بەسەرپەرشتی
د. هاوژین محمود عزیز

توێژەران
محمد عثمان
و سمیه عبدالرحمن

**پێوەری ئاڵدەبوونی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان**

| ژ | بڕگە | گونجاوە | نەگونجاوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | وا دەبینم کاتێکی زۆر زیاتر لەوەی کە مەبەستمە بەسەر دەبەم لە تۆرەکۆمەڵاتیەکان. | | | |
| ٢ | ئەوەندە خەریکی تۆرەکۆمەڵاتیەکان دەبم ئەو ئەرک و دەرسانە لە بیر دەکەم کە لەسەر شانمە. | | | |
| ٣ | ئەو ئەرکەی لەسەرمە بەرامبەر خێزان لەبیر دەکەم لەبەر ئەوەی زۆر خەریکی تۆرەکۆمەڵاتیەکانم. | | | |
| ٤ | زۆر گرینگی بەپرۆفایلەکەم دەدەم لە تۆرەکۆمەڵاتیەکان زیاتر لە هەموو شتێک لە ژیانم. | | | |
| ٥ | هەوڵدەدەم خۆم بشارمەوە لەو خەڵکانەی کە پرسیارم لێدەکەن لە ناو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان. | | | |
| ٦ | وا هەست دەکەم کاتێک خەریکی تۆڕەکۆمەڵاتیەکانم ئاسودەتر و ئارام ترم لەبەر ئەوەی دووردەکەمەوە لە هەموو بیرۆکەیەکی خراپ. | | | |
| ٧ | بە پەرۆشەوە چاوەرێی ئەوکاتە دەکەم کە ئەچمە ناو تۆڕەکۆمەڵاتیەکان. | | | |
| ٨ | خەیاڵی زۆر دەکەم کاتێک کە ناتوانم بچمە ناو تۆرەکۆمەڵاتیەکان بۆئەوەی نامەکان یان زانیاری تۆرە کۆمەڵاتیەکان بخوێنمەوە. | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٩ | نامەویٚ ئەو کاتە کەم کەمەوە کە لەتۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەسەری دەبەم. | | | |
| ١٠ | وای دەبینم پێم خۆشترە کاتەکانم لە تۆرەکۆمەڵاتیەکان بەسەر ببەم لەوەی لەگەل خێزانەکەم و هاورێکانم بم. | | | |
| ١١ | هەست بە دڵەڕاوکەی دەکەم کاتێک دوور دەکەمەو لە پرۆفایلم یان لە تۆرەکۆمەڵاتیەکان. | | | |
| ١٢ | تەنانەت ئەوکاتانەی لەسەر تۆرەکۆمەڵاتیەکان نیم هەر بیرم لای ئەو شتە دەبیٚ کە پەیوەندی بە تۆرەکۆمەڵاتیەکان هەیە. | | | |
| ١٣ | هەست بە دڵەراوکەی دەکەم کاتێک ئەو نامەیە ناخوێنمەوە کە بۆم هاتووە لە تۆرەکۆمەڵاتیەکان. | | | |
| ١٤ | کاتێک دادەبرێم لە تۆرەکۆمەڵاتیەکان بیر دەکەمەو لە پرۆفایلم چی روودابیٚ. | | | |
| ١٥ | پێم وایە ئەو زانیاریانەی تۆرۆکۆمەڵاتیەکان پێشکەشم دەکەن بەس نیە دەمەویٚ هەردەم زیاتر وەرگرم. | | | |
| ١٦ | وادەبینم ژیان بەبیٚ تۆرەکۆمەڵاتیەکان زۆر بێزارکەرە. | | | |
| ١٧ | زۆر بێزار دەبم لەوەی کەسێک شتێکم لیٚ داوا بکات کاتێک کە خەریکی تۆرەکۆمەڵاتیەکانم. | | | |
| ١٨ | هەست بە ترس دەکەم کاتێک شتێک ڕووبدات و من بیٚ ئاگابم لییٚ. | | | |

**پێوەری گۆشەگیری کۆمەڵایەتی**

| ژ | برگە | گونجاوە | نەگونجاوە | تێبینی |
|---|---|---|---|---|

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١ | وا هەستدەکەم لە دەورووبەر دابڕاوم. | | | |
| ٢ | هاوڕێم نییە. | | | |
| ٣ | من کەسێکی خۆشەویستم لای هاوڕێکانم. | | | |
| ٤ | من کەسێکی تەنیام. | | | |
| ٥ | هەستدەکەم دەوروبەرم گرنگیم پێنادەن. | | | |
| ٦ | توانای بەستنی پەیوەندی هاوڕێیەتی تازەم نییە. | | | |
| ٧ | زۆر بەرکەوتنم نییە لگەڵ ئەندامانی خێزانەکەم. | | | |
| ٨ | پەیوەندی نزیکم هەیە لەگەڵ ئەندامەکانی تری خێزانەکەم. | | | |
| ٩ | هەست دەکەم کەسێکی نەمۆم لە ناو دەوروبەرەکەم. | | | |
| ١٠ | پێم باشە لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکان بکشێمەوە. | | | |
| ١١ | پێم خۆشە کەسانی تر لێم گەڕێن بە تەنیا بم. | | | |
| ١٢ | هەستدەکەم پەیوەندیم لەگەڵ کەسانی تر بێ مانایە. | | | |
| ١٣ | پێم باشە کاتە بەتاڵەکانم بە خوێندنەوەی کتێب بەسەر ببەم لەبری لبەشداری لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکان. | | | |
| ١٤ | دەترسێم لە بەستنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ دەوروبەر. | | | |
| ١٥ | دووردەکەومەوە لە تێکەڵاوبوونی ئەو کەسانەی نایانناسم . | | | |
| ١٦ | هەست بە دڵ خّۆشی دەکەم کاتێک کە لە کۆمەڵگا دوورم. | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٧ | کەسانێک هەن کە دەتوانم پەنایان بۆ ببەم لە کاتە سەختەکاندا. | | | |
| ١٨ | ژیان لە دەوروبەرم جوانە. | | | |
| ١٩ | پلان دانان بۆ کارەکانی ڕۆژانەم ئامانجێکە پەی پێنابەم. | | | |
| ٢٠ | قەڵسدەبم کاتێک کە کەسێک سەردانی خێزانەکەم دەکات. | | | |